بەرشەلۆنە بە دوو گۆڵ بەرامبەر چوار گۆڵ بە جیرۆنا دۆڕا

لە هەفتەی 16ی خولی ئیسپانیا یانەی بەرشلۆنە لە یاریگای میوانداری یانەی جیرۆنای کرد.

لە تایمی یەکەم یارییەکە ئەکادیرییەکی بەهێزی بەخێوە بینی و لە خولەکی 12 ئیرتەم دەبییای گۆلی پێشکەوتنی جیرۆنای تۆمارکرد بەڵام لە خولەکی 19 لیفاندۆفسکی گۆلی یەکسان بوونی بەرشلۆنەی تۆمارکرد، لە خولەکی 40 میگێل گۆتیرێزی یاریزانی پێشووی ڕیال مەدرید گۆلی دووەمی تۆمارکرد و جیرۆنای پێشخست.

لە تایمی دووەمدا جیرۆنا بەردەوام بوو لە فشارەکانی و لە خولەکی 80 سەیەم گۆڵی تۆمارکرد لەلایەن ڤالێری فێرناندێز بەڵام گۆندوگان لە خولەکی دووی کاتی زیادکراوی تایمی دووەم جیاوازییەکەی کەم کردەوە بەڵام لە خولەکی پێنجی کاتی زیادکراو جیرۆنا چوارەم گۆڵی تۆمارکرد لەلایەن کریستیان ستیوانی.

سەرئەنجام بەرشلۆنە بە دوو گۆڵ بەرامبەر چوار گۆل یارییەکەی دۆڕاند و بە کەکردنەوەی 34خاڵ لە پلەی چوارەم مایەوە و جیرۆناش بە 41 خاڵ گۆڵایەوە پێشەنگی خولی ئیسپانیا.